# ئاوارەیی

## ئەحمەد دەشتی



مرۆ لە خــاکی خۆی کە دوور کەوێ
بێ بەهـــرە لەژین دڵی ناسـرەوێ

نامۆیی ژیـــان مەرگی شـــادیە
بێـــگانەیی بـــوون نامـــرادیە

بەردلەجێگەیخۆیدیارە بەسەنگە
کەهەڵ بکەنێ وێـل و بێ سـەنگە

هەر لەو ســـاتەوە کەمن ئاوارەم
پـــڕ زام ودەردم  دڵ پـــارەپارەم

نەم دیوە سـاتێ ئۆخەی لە ژیانم
ئـــارامیم هەبێ و نەیـێ  گـریانم

بەڵام چی بکەم بەختی دوونی من
کەوتە غـــــوربەتی پڕ گرینی من

لە یارو دۆســـت و کەسانم دوورم
ئای ژیانسەخت ودڵ بێ سەبوورم

ســــاتێکم نیە بێ چـــاوەڕوانی
کەشـــاد بم بەخاک پڕ کامەرانی

پێم وایە ژیان هـــەر لە نـاو وارە
سەربەرزی لە گەل کەسان و یـارە

ئای کە شـیرینە هەواری ڕەنگین
کەسەربەخۆ بێ وهەتوانبێ برین

تاراوگە مەرگی ژیـــــان دەهێنێ
ئارامی و شـادی لە دڵت دەردێنێ

خۆزگەم بەو کەسـەی غەوارە نیە
خـــەم و ئـــازاری دووری لا نـیە

هەرچاوڕێمە کە ڕۆژی شـــاد بم
لە کوردســـــتانم ڕەهاو ئـازاد بم

ئای کە شـــــیرینە زێدی باوانم
هەر لەوێ بــــەرزە بوونی ژیانم

* بە یادی کوردستانە ئازیزەکەم